# زایەڵەی پەیامەکەی شێردڵ و مۆد

## ئەمجەد شاکەلی

ساڵانێکی لە بەغدا بووم زۆرجاران بەو جادەیەی لە مەیدان(ساحةالمیدان) و بابولموعەززەم(باب المعظم)ەوە بەرەو وەزیرییە دەچوو، بە تەنیشت گۆرستانێکدا تێدەپەڕیم، خەڵک پێیان دەگوت گورستانی ئینگلیزەکان، یا گۆڕستانی گاوران. ڕەنگبێ سەدان جار و پتریش بەوێدا تێپەڕ بووبم. تەواوی ئەو گۆڕستانە تایبەت بوو بەو ئینگلیزانەی لە جەنگی داگیرکردنی عیراق و وەدەرنانی توركدا كوژرابوون و مردبوون. گۆڕەكانی نێو ئەو گۆڕستانە، کە هەموو سەر بە ئایینی عیسایی بوون، بە پێچەوانەی گۆڕستانی موسوڵمانانەوە، پاک و خاوێن و ڕێکوپێک بوون. وەک گۆڕستانەکانی ئەورووپا، هەر گۆڕەو نیشانەی خاچێکی لە سەر بوو و نێوی مردووەکە و مێژووی لەدایكبوون و مردنی مردووەکەی لە سەر تۆمار کرابوو. لە نێو ئەو گۆڕانەدا گۆڕێک هەبوو، دەیانگوتێ گۆڕی "مۆد". فرێدریک ستانلی مۆد (Frederick Stanley Maude، 1864/6/24-1917/11/18) ئەو ژەنەراڵەیە، کە سەرلەشکری هێزەکانی بریتانیا بوو بۆ داگیرکردنی عیراق. بریتانییەکان، بە هۆی بەرەنگاریی هێزەکانی تورکەوە لای مووسڵ لەکوردستانەوە، پێیان نەکرا ئەوێ بگرن، بەڵکە لە پێشدا و لە 1917دا بەغدایان گرت و لە كۆتایی ساڵی 1918شدا ئیدی مووسڵێش گیرا. 11ی مارسی 1917، کە هێزەکانی لەشکری بریتانیا، تورکی عوسمانییان لە بەغدا وەدەرنا و چوونە نێو بەغداوە، ژەنەراڵ ستانلی مۆدی بەرپرسی ئەو لەشکرە لە گوتەیەکیدا بۆ خەڵکی بەغدا گوتی:"ئەی خەڵکی بەغدا، وا ئازادی هات. 26 نەوەیە ئێوە بە دەستی چەندین چەوسێنەرەوە، کە هەوڵی لەتوپەتکردنی عەرەبیان دەدا، دەناڵێنن. ئەوەش سیاسەتێکە بریتانیای مەزن و هاوپەیمانانی قینیان لێی دەبێتەوە، چونکە لە هەر جێگەیەک دوژمنکاری و خراپبەکاربردنی دەسەڵات هەبێت، لەو جێیە نە ئاشتی و نە خۆشگوزەرانی جێگیر نابن.."[1]. هەروەها گوتی:"لەشکرەکانی ئێمە وەک داگیرکار و دوژمن نەهاتوونەتە نێو وڵات و باژێڕ و گوندەکانی ئێوەوە، بەڵکە وەک ڕزگارکار هاتوون"[2].

---

[1] Peter Kadhammar, Var finns de jublande befriade folkmassorna?, aftonbladet 2003-04-11.

[2] Erik Anderson, Ett imperialistiskt rövarkrig, Proletären, nr 13, 2003.

سەرلەشکری بریتانی ژەنەراڵ ستانلی مۆد ئەوەشی ڕوون کردەوە، کە نەتەوەییە عەرەبەکان، ئەوانەی کۆمەکیان بە لەشکری بریتانی کردبوو، بە شێوەیەک و لە هەندێ ڕووەوە دەسەڵات لە عیراقدا دەگرنە دەست. بە واتایەکی تر، مۆد و لە پشت ئەویشەوە کارگێڕیی بریتانیا و دەوڵەتی کۆلۆنیالی بریتانیا وەک پاداشتێک بۆ هاریکاری و کۆمەکی نەتەوەییەعەرەبەکان بە لەشکری بریتانی، بەڵێنی جۆرە دەسەڵات و دەمچەورکردنێکیان دانێ. میرنشینی هاشمییەکان بە سەرکردەیی حوسەین کوڕی عەلی لە مەککە، لە سەردەمی جەنگدا، هاریکاریی بریتانییەکانی کرد و بەشداری ڕاپەڕینی دژی تورکەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون (Transjordanien)دا، واتە: ئوردونی ئێستا و سووریا و فلستیندا، کرد. حوسەین هەوڵی ئەوەی دەدا، پاش وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەسەر تەواوی دەڤەرەکەدا ببێتە شا . بریتانییەکانیش فەیسەڵی کوڕی حوسەینیان هێنا و کردیانە شای عیراق. ژەنەراڵ و تیۆریزانیی لەشکریی کارڵ ڤۆن کلاوشەڤیتز(Carl Von Clausewitz، 1780-1831) دەڵێ:"جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە، لێ بە ئامرازی دیکە..". جۆرج بووش و تۆنی بلەیر، کە باسی جەنگی خۆیانی دژ بە عیراق دەکەن، دەڵێن:"ئێمە وەک ڕزگارکار نەک وەک داگیرکار هاتووین". ئەو گوتەیەی بوش و بلەیر هەر ئەو گوتەیەیە، کە ژەنەراڵ مۆد پێش 88 ساڵان گوتوویەتی. کە جەنگ درێژەپێدانی سیاسەت بێت، بەڵام بە ئامرازی دیکە، وەک ژەنەراڵ کلاوشەڤیتز دەڵێت، ئەوا ئەمەریکا و بریتانیا لە جەنگی عیراقدا چەند مەبەستێکی گرنگیان لەبەرچاو گرتبوو، کە بۆ قازانجی خۆیان بوون و لە سیاسەتی وڵاتەکانیشیانەوە سەرچاوەیان دەگرت و درێژەپێدانی سیاسەتی وڵاتانی خۆیشیانن، ئەو مەبەستانەش لەم چەند خاڵەدا خۆ دەنوێنن:

1. کۆنترۆڵکردن و داگیرکردن سەرچاوەکانی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت، کە قازانجێکی زۆری بۆیان دەبێت.

2. نیشتەجێبوون و جێگیربوونی هێز و لەشکری ئەمەریکا لە ناوەندی خۆرهەڵاتی ناڤیندا.

3. چێکردنی بنگەی سەربازیی بۆ جەنگی دوارۆژی دژ بە سووریا و ئێران و ئەگەر پێویست بکات وڵاتانی دیکەش.

4. دانانی دەسەڵاتداریەتی و حوکوومەتێکی سەر بە ئەمەریکا و بریتانیا و پێڕۆکردنی سیاسەتی ئاغا و نۆکەری و کۆلۆنیالئاسا لەو دەڤەرەدا.

---

5. کەمکردنەوە و خاوکردنەوە و سستکردنەوەی گوشار و پاڵەپەستۆ لە سەر ئیسرائیل.

6. داگیرکردنی بازاڕەکانی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و وەگەڕخستنی هەرچی زۆرتر و بەهێزتر و فراوانتری سەرمایە و سەرمایەگوزاری لەو دەڤەرەدا و گرێدانی ئابووریی ئەو دەڤەرە بە ئابووریی ئەمەریکاوە.

7. کپکردنەوە و سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی دژەئەمەریکا.

8. پەرەپێدانی تەوژمی ئەمەریکاياندن لەو دەڤەرەدا ، ئیدی لەڕووی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و تەنانەت ئایینیشەوە.

هەر وەک چۆن ژەنەراڵ مۆدی ئینگلیز ، بەڵێنی بە عەرەبەنەتەوەییەکان دا ، کە دەسەڵاتیان بداتە دەست و ئەوان بکاتە خاوەنی وڵات و "شافەیسەڵ"ی هێنایە عیراق ، ئەمەریکایش هەر بەو شێوەیە دوای ڕووخانی بەعس و سەددام حوسەین و داڕۆخان و نەمانی دەوڵەتی عیراق ، عیراقی نۆژەن چێکردەوە و عەرەبی کردەوە خاوەن دەسەڵات و داهێنانێکی دیکەیشی هێنایە گۆڕێ ، ئەویش شێوەی دابەشکردنی پۆست و کار و پایە حوکوومەتییەکانە بە سەر دەسەڵاتدارەکاندا ، لە سەر بنەما و بناخە و بنگەی ڕەگەزی و ئایینی ئاییترایی و نەتەوەیی. ئەو شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەی لوبنان تا ڕادەیەک فۆتۆکۆپی کرا و هێنرایە عیراقەوە. لە عیراقدا تا پێش هاتنی ئەمەریکا و داگیرکردنی لە لایەن ئەوانەوە و لەو هەموو ساڵانەی دەسەڵاتداریەتیی بنەماڵەی هاشمییان و قاسم و عارفان و بەعسدا ، بە هەموو ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی و ئاییترایيشیەوە ، هێشتا بەم شێوە زەق و لەبەرچاوەی ئێستای و وەک ئێستا باس لە ڕەگەز و نەتەوە و ئاییترا و...ئەوانە نەدەکرا. لەو هەموو سەردەمانەی پێشوودا ، کەم یا زۆر ، عەرەب ، کورد ، تورکمان ، شیعە ، سوننە ، مەسیحی ، بەشداریی دەسەڵاتیان کردووە ، لێ نەک بە ناوی ئەوەی سەر بە فلانە گرۆن. ئێستا کابرا دەبێتە بەرپرسی فلانە دەسگا یا ئەندامی فلانە کۆمیتە ، تەنێ لەبەر ئەوەی سەر بە فلانە ئاییترا یا نەتەوەیە. تەواوی ئەمانە بە نێوی تەوافوق "توافق"ەوە ، کە دژی سەرەتاییترین پرنسیپەکانی دیموکراتییە ، کە ئەوان(ئەمەریکاییەکان ، دەسەڵاتدارانی عیراق ، سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد) ، بانگاشەی بۆ دەکەن. ماریتری ئەمەریکایی ، کە هەرکەسێکی دژی خۆیان و لە سەنگەری بەرانبەریاندا بووبێت ، وەک دیل گرتبێت ، تووڕەکەیان لەسەر ناوە. نەریتی تووڕەکە لەسەرنان نەریتێکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی خاچهەڵگرانی دژ بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلام. کاتێک ڕیچچارد لایۆن هارت( Richard Lion heart)[3]ی سەرکردەی خاچهەڵگران ، لە جەنگەکانیدا دژ بە هێزەکانی ئیسلام بە سەرکردەیەتیی سەلاحوددینی ئەییووبی ، کە سەرباز و چەکدار و پیاوانی ئەییووبی ، دوای

---

3 بە کوردی بە "شێردڵ" بەنێوبانگە.

گرتنی قودس بە دیل دەگرت، توورەکەی لەسەر دەنان. ئێستا ئەوەی ئەمەریکا لە عیراق و ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا دەیکات، زیندووکردنەوەی هەمان نەریتە و درێژەپێدان و بەردەوامییەکی هەمان جەنگیی خاچپەرستانەیە و سڕینەوەی فەرهەنگی ملیۆنان خەڵکی ڕۆژهەڵاتە. ئەمەریکا و ئەمەریکایاندن لاوازکردن و سڕینەوەی تەنێ ئیسلام نییە، بەڵکە تاویزم و هیندۆیزم و بوودایزم و...ئەوانەش دەگرێتەوە. ئەمەریکا وەک وڵاتێکی مەزن و زەنگین و پێشکەوتوو و دەسەڵاتدار و خاوەن فەرهەنگێکی زاڵ، ئەوڕۆ تەواوی فەرهەنگەکەی خۆی بەسەر ئەو وڵاتانەی ڕوویان تێدەکات دەبەشێتەوە و فەرهەنگی ئەو وڵاتانە و ئایینەکانیشیان دەسڕێتەوە و هەوڵدەدات بیانکاتە مەسیحی. ئەو مەسیحییەتەی ئەوڕۆ لە چین، ڤیێتنام، ژاپۆن، هیندوستان، پاکستان، بەنگلادیش، ئەمریکای لاتین، وڵاتانی ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت کوردستانەکەی خۆیشماندا، برەوی پەیدا کردووە، هەموو ئەمەریکا و ئەمەریکاییان و خەڵکانی سەر بە ئەمەریکا هێناویانە و پەخشی دەکەنەوە. ئەمەریکا بێجگە لە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت و قووڵکردنەوەی جیاوازیی چینایەتیی و دەوڵەمەندکردنی هەندێک و لاتکردنی هەندێکی دیکە، ڕووی لە هەر وڵاتێکی کردبێت، ئەیدز، قەحبەخانە، بەنگکێشان، خواردنەوە، چەقۆکێشی و فەرهەنگی کوشتن و بڕین و لەنێوبردنی لەگەڵ خۆیدا بردووە. وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ڤیێتنام و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقا، نموونەگەلێکی زیندوو و لەبەرچاوی ئەو قسەیەن. ئێستاش مۆڵگە و سەربازگە چۆڵکراوەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتانەدا، جێی ژیان و حەوانەوە و نیشتەجیبوونی هەزاران ژنی لەشفرۆشن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەربازانی ئەمەریکا، لەو شوێنانەدا، لەگەڵیاندا سێکسیون و بە هەڵخەڵەتاندن بێت یا بە تۆبزی، ژیانیان تێکداون و کردوویاننە لەشفرۆش و لەشفرۆشیی بووەتە پیشەیان و بۆیان بووەتە کارێک، کە هەرگیز لێی ڕزگار نابن و هەموو ژیانیان پێوەی دەتلێنەوە. ئێستاش هەزاران منداڵیی بێ باوک، کە ڕەنگە سەربازێکی ئەمەریکایی بۆ جارێک دووان یا سێیان، لەگەڵ دایکیاندا نووستبیت، لەو وڵاتانە هەن و باوکەکانی خۆیان ناناسن و ژنەکانیش، کە بەو منداڵانەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوسبوون، ئەو زەلامانەی بوونەتە هۆی ئاوسبوونیان، ناناسن. لە قورئاندا هاتووە﴿إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ﴾[4]، واتە"گەلی پادشایان بچنە ناو هەر شارێکەوە، تێکی دەدەن، خەڵکەکەی –هەرکام بە گەورە ناوی هەبێ- سووکایەتی بە سەر دێنن و ئەو تەرزەکارانە دەکەن"[5]. ئەگەر پادشایان هاووتای دەسەڵاتداران بن، ئەوا ئەمەریکا و تەواوی کۆلۆنیالیستانی جیهان، وەک نەریت و جۆری بیرکردنەوە و ئامانج و مەبەست، کە دەچنە هەر وڵاتێک بە تێکدان و سووکایەتیپێکردن و وردکردنەوەی خەڵکەکەی و بەشینەوەیان بە سەر ئایین و ئاییترا و زمان و نەتەوە و خێڵ و هۆز و بنەماڵە و...دەیان شتی دیکەشدا دەست پێ دەکەن. ئەوڕۆ لەو سیاسەتەیاندا لە عیراق سەرکەوتنیان

---

[4] القران الكريم، سورة النمل/34.

[5] قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، انتشارات تازەنگاە، چاپخانە بزرگ قران کریم، ل 379.

وەدەستهێناوە. ئەگەر خەڵکانێک هەبن پێیانوابێت، ئەمەریکا لە کوردستاندا وەها کارێک پێڕۆ ناکات و وەها نەخشەیەک پیادە ناکات، ئەوا بە چاولێکردنێکی باری ئێستای باشووری کوردستان و وردکردنەوەی گەلی کوردستان بۆ کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و نەتەوەی کوردیش بۆ کوردی سوننە و کوردی شیعە و کوردی فەیلی و کوردی ئێزیدی و کوردی شەبەک و کوردی کاکەیی و کوردی جاف و کوردی هەورامی و کوردی نەقشبەندی و کوردی قادری و کوردی سۆران و کوردی کرمانج و کوردی مەسیحی و کوردی موسوڵمان و و قوتکردنەوە و هەڵتۆقینی دەیان کۆڕ و کۆمەڵە و نێوەندی جوێکردنەوەی کورد لەیەکدی، بێجگە لە دوو حوکوومەتی و سەدان پارتیی و گرۆی سیاسی دیکە، نیشانەیەکی زیندووی سیاسەتی نەخشەبۆداڕێژراوی ئەمەریکایە لەهەمبەر تەواوی جیهانی سێیەم و چوارەم، بە کوردستانەکەی ئێمەیشەوە. ئەو پەیامەی ئەمەریکا و جۆرج بووش و تۆنی بلەیر و تەواوی ئەو دەسەڵاتدارە زلانە پێیانە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانی سێیەم و چوارەمی ئەم جیهانە و کوردستانەکەی لەمەڕ خۆیشمان، هەر ئەو پەیامەیە و درێژەپێدانی ئەو پەیامەیە، کە ڕیچچارد لایۆن هارت و ژەنەراڵ مۆد، پێیان بوو و لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان بۆ میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵات.

2005/5/19